# ئةمةريكا هةميشة هةر يةكةمة

دارامة حمود

هەر گەلەو هەر وڵاتەو تەنانەت هەر ڕێکخراوو کۆمەڵەیەك، ڕێبەرێك یان سەرکردەو بەرپرسێکی هەڵبژێردراو یان دانراو و یانیش سەپاوی هەیە. و لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەو گریمانەیە هەیە کە ئەمانە عاقڵترین و بەتواناترین کەسانێکن کە باری قورسی بەرپرسیارێتی دەگرنە ئەستۆو جار هەیە چارەنووس و ژیانی ملیۆنان خەڵك بە عەقڵ و بڕیاری ئەوانەوە بەند دەبێت. بەڵام بە لێوردبوونەوەیەکی خێرا بە جیهانی سیاسەتی دوێنێ و ئەمڕۆدا، دەبینین ئەو ڕێبەرو سەرکردانە هەمیشە نەك هەر لە عاقڵ و هۆشمەندەکان نین بەڵکو بەشێکن لە هەرە گەوجەکانی کۆمەڵگاو ڕەفتارو گوفتاریان دەبێتە مایەی پێکەنین و گاڵتەجاریی و تەنانەت شەرمەزاریی.

عیدی ئەمینی سەرکۆماری پێشووتری ئۆگەندا بە مەرسومێکی کۆماری بڕیاری دەردەکرد تەواوی وەزیرەکانی بەیانیان زوو دەبێ یاری باسکە بکەن و هەر کەس سەرپێچی لەم بڕیارە بکات یان وەرزشێکی تر بکات بە توندی سزا دەدەرێت.

ئەنوەر خۆجەی سەرۆکی ئەلبانیای کۆمۆنیستی جاران، دەیگوت کە ئیمپریالیزمی سۆڤیەت و ئەمەریکاو چین لەناو دەبات و ئایدیۆلۆژیاکەی ئەو تاکە ئایدیۆلۆژیایە کە لە توانایدا هەیەو شایستەی ئەوەیە جیهان بەڕێوە ببات.

موعەمەر قەزافی، لە گەشتێکیدا بەیەکێك لە بازاڕەکانی تەرابلسدا ڕوو لە چێشتخانەیەك دەکات و کارگەرێکی چێشتخانە بە پیریەوە دێت قەزافی چەند پرسیارێك لەو کارگەرگەرە دەکات. لەوانە: ماوەی چەندە لەوێ کارگەرە، خاوەنی ئەو چێشتخانەیە کێیەو لە کوێیە....؟ کارگەرەکە وەڵام دەداتەوە ماوەی ساڵێکە کاردەکات و خاوەنی چێشتخانەکەش فلانەکەسەو ئێستا بۆ کارێکی پێویست چۆتە دەرەوە. قەزافی ڕوو لەدەست و پێوەندەکانی دەکات و دەڵێ : بڕیاری من بنوسن. لە عیبارەتی ئێستاوە ئەم کارگەرە هاوبەشی ئەم چێشتخانەیەو نیوەی موڵکی ئەوە.

ئەگەر لەم نموونانە بگەڕێین هێندە زۆرن کە فریای نووسینیان ناکەوین. بەڵام مەگەر چاوەڕێی چی لە عیدی ئەمینێك و ئەنوەر خۆجەیەك و قەزافیەك و سەدام حوسێنێك ...دەکرێت. ئەمانە بە کودەتاو شێوازی کودەتا دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و نموونەی جیهانی نادیموکراسی و ستەمن. بەڵام کارەسات و بەخت ڕەشیەکە لەمەدایە کە لایەنگرو ئەویندارانی ئەم جۆرە سەرکردانە نەك هەر لە هی عاقڵ و هۆشمەندەکان کەمتر نییە بەڵکو هەندێك جار بۆڕی ئەوانیش دەدەن و جار هەیە وەك عەبدوڵابوکەرەم لە ڕێگای هەڵبژاردنیشەوە دێنەسەر کار.

تەواوی جیهانی عەرەب و موسوڵمانان تەنیا لەبەر ئەوەی عیدی ئەمین دژی ئیسرائیل بوو دەیانپەرست. و لەسەردەمێکیشدا لەکوردستانی خۆمان ئەگەر شیوعیەك لە حزبەکەی خۆی تۆرابایەو هەر خۆشی بەکۆمۆنیست بزانیایە چەپڵەی بۆ ئەنوەر خۆجە لێدەدا.

ئەوەتا ئەمڕۆش جۆرج بوشمان خۆشدەوێت. چونکە سەدام حوسێنی لە سەرکار لابردو ڕژێمەکەی ڕوخاند. ئیتر کارمان بەمەدا نییە چ پیاوێکەو چ کاریگەرییەکی نێگەتیفانەی لەسەر جیهانی ئەمڕۆو ئایندەی مرۆڤایەتی هەیە.

ئاخرئەمەریکاش کە لوتکەی ئازادی و دیموکراسیەو هێندەی لەم دووانە زۆرە ئەوەتا بۆ دەرەوەشیان دەنێرێت...! لە هەڵبژاردنی سەرۆکی گەوجیشدا بەشی لە هەمووان زۆرترە. و گەوجایەتی ئەم سەرکردانەش بە ڕادەیەکە بە سیاسەت ڕاناوەستێت و دەربازی سەرتاپای ژیان و زۆر شتی بچوك و وردەکاریەکانیش دەبێت.

ماوەیەك لەمەو بەر وەزیری كشت و كاڵی حكومەتەكەی جۆرج بوش كە چەند هەفتە لەمەوبەر دەستی لەكار كێشایەوە، بڕیاری دابوو كە لێرە بەدوا پەتاتە لە گەڵ گروپی سەوزەواتی تازە دابنرێت نەك نیشتاستە و بەمەش ئەمەریكا وەك چۆن یەكەم وڵات بوو چووە سەر مانگ یەكەم وڵاتیشە كە پەتاتە بەسەوەزە دادەنێت.

پێشتریش سەرۆكی پێشوو، و كۆچكردووی ئەمەریكا رونالد ریگان زۆر حەزی لە كیتچەپ بوو. بۆیە زۆر هەوڵی دا كیتچەپ بەو بەهانەی لە تەماتە درووست دەكرێت بكرێت بە سەوزە. ئەوكاتە نەیتوانی ئەمە بكاتە بڕیارێك. بزانن جۆرج بوش چەندە وەفادارە. لەبەرخاتری ریگان ئەگەرچی هێشتا كیتچەپ نەبۆتە سەوزە بەڵام خۆپەتاتە بوو. ئاخر كیتچەپ و پەتاتە زۆر پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە. پەتاتەی سوركراوە بە كیتچەپەوە خۆشە. ئەمە هەنگاوی یەكەمەو بە دڵنیاییەوە سەرۆكەكانی داهاتووی ئەمەریكا سەرئەنجام كیتچەپ هەر دەكەنە سەوزە.

منیش دەستەو دوعا ڕادەوەستم و دەڵێم خوایە لە سەرۆكی گەوج بمان پارێزی و هیچكات بەنسیبی كوردی نەكەی..!

<u>تێبینی</u>

بۆئەوەی خوێنەر پێی وانەبێ ئەم نوسینە ساتیر یان هەڵبەستراوە دەتوانێ بڕوانێتە ڕۆژنامەی میترۆ ی هۆڵەندی ژمارەی رۆژی 17-06-2004